# مەلنامە

عەبدولڕەحمان فەرهادی

چۆلەکەیەکی چۆماوان
لە دیدارێکی پڕ شکۆ
خاڵە زەردەکانی ملی
بە خۆر بەخشی،
خۆر قەفتەیێ تیشکی دایێ
تا لە بنچک و گەزەڵێن
هێلانەیێ بۆ خۆی چێکا
جاویدان بێ تا هەتایێ.
❊❊❊❊
شینە شمقارێکی زەلان
بۆ دیدارێکی لەگەڵ خۆر
دەوەنێکی کردە جێژوان،
ڕۆژی ژوانێ
سپێدە زوو لەگەڵ ئەلەند
کلچووکێکی
لە قامیشەڵان دروست کرد
کە ئاوی لە
دامێنی چیا هەڵدەمژت،
شینە شمقارەکەی زەلان
بەر لە دیدار
هەردوو چاوی جوانی پێ ڕشت.
❊❊❊❊
تا پەڕەسێلکەی ڕەوەزان
زەردەپەڕ بەخاک نەسپێرن
بە دەنووک و
شاپەڕی پڕ لە تیشکەوە
نەگەنەوە نێو هێلانە،
خۆر لە شەرمان
ئاوا نابێ بەم زووانە.
❊❊❊❊
ڕیشۆڵەیەکی تەریوەی
سەر کزۆڵەی دڵ پڕ لە خەم
سەرگەردان و دیدە پڕ نەم،
نزایەکی بۆ خۆر هەنارد،
خۆر ئێوارە



ڕووناکترین تیشکی خۆی لە
گڕکانەکانی زستانە
بە شنەی ئێوارە بۆ نارد،
دوای چەند ساتێ
ڕیشۆڵەی تەڕەی ڕێ ون بوو
بە باڵی تیشکی زستانە
بە باوەشێ بریقەوە
بە چەپکێ جریوەی تازە
گەیشتەوە نێو هێلانە.
****
چۆلەکەیەکی گەردەن زەرد
لە بنچکی لێڕەوارێ
ویستی هێلانەیێ چێکا
لەودیو دوندێ
نقووم لە بۆی مێرخوزارێ
چەپکێ پرشنگی لە خۆر خواست،
خۆر بە کزەبای ئێوارە
گۆلێ تیشکی نارنجی
لە کەزیی زەردەپەڕ بۆ نارد،
لەو ڕۆژەوە
چۆلەکە و خۆر بوونە هاوڕێ،
کە چۆلەکە هەموو ڕۆژێ
لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەرەبەیانا
بای باڵی خۆی دەدا، ئینجا
خۆر سەری لە کەل دەردێنا.
****
خاڵخاڵۆکەیەکی باڵ مەیلەو نارنجی
ئێوارەیێ
بەنێو باخی شیعرەکانما
گوزەری کرد
لەنێو کووچەی دێڕەکانیا
بەدوای ناوی تۆدا وێڵ بوو،
کاتێ گەیشتە ترۆپکی یەکەم پیتی،
هەر چوار پیتی ناوتی نەخشاند
بە خاڵەکانی سەر باڵی،
کە لێبۆوە
هەر لەوێ دای لە شەقەی باڵ
وەختێ لەسەر چلێ درەختێ نیشتەوە
بووبووە
کۆترە شینکەی بەهاری ساڵ.